# یەکێتی زانایانی کوردستان: رۆژی شەممە چاودێریی مانگ دەکەین



وتەبێژی یەکێتیی زانایانی ئایینیی بڵاویکردەوە، بۆ دیاریکردنی جەژنی رەمەزانی پیرۆز رۆژی شەممە چاودێریی بینینی مانگ دەکەن.

ئەمڕۆ پێنجشەممە ٢٧ـی ئازاری ٢٠٢٥، عەبدوڵڵا شێرکاوەیی، وتەبێژی یەکێتیی زانایانی ئایینیی کوردستان راگەیاند، پشتبەستو بەبنەما شەرعییەکانی ئایینی ئیسلام، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی هەرێمی کوردستان لە رێگەی لیژنەی باڵای بینینی مانگەوە بڕیار لە یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزان دەدات.

ئاماژەی بەوەشکردووە، ئەو هەواڵانەی لەبارەی دیاریکردنی رۆژی جەژنەوە بڵاودەکرێنەوە هیچ بنەمایەکی زانستی و شەرعییان نییە.

ناوەندی نێودەوڵەتیی فەلەکناسی ئاماژەی بە ئەوەکردووە، مانگی رەمەزانی ئەمساڵ لە ژمارەیەك وڵاتدا ٣٠ رۆژ دەبێت و جەژنی رەمەزانیش دەکەوێتە رۆژی دوشەممە ٣١ـی ئازار بەڵام لە ژمارەیەك وڵاتی دیکە رۆژی یەکشەممە ٣٠ـی ئازار جەژن دەبێت.